Research Center

10-12-2020

# ئەگەری هاتنی سەرۆککۆمارێکی سوپایی لە ئێران تەگەرە و دەرفەتەکان

10-12-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : چەند مانگێکە پرسێک لە ئێران گەرمە کە تەوەرەکەی ئەمەیە: ئێران چ جۆرە سەرۆککۆمارێکی پێویستە؟ سیاسیی و دیپلۆمات (بۆ رزگاربوون لە پەراوێزکەوتن)، ئابووریناسێکی سیاسی (بۆ رزگارکردنی ئابووریی قەیراناوی) یاخود سەرۆککۆمارێکی سەربازیی (بۆ گێڕانەوەی شکۆی ئێران)؟ دیارە کەمتر لە هەشت مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی نوێی ئەو وڵاتە (حوزەیرانی٢٠٢١)

**هەردی مەهدی میکە|**

**بەرایی**

چەند مانگێکە پرسێک  لە ئێران گەرمە کە تەوەرەکەی ئەمەیە: ئێران چ جۆرە سەرۆککۆمارێکی پێویستە؟ سیاسیی و دیپلۆمات (بۆ رزگاربوون لە پەراوێزکەوتن)، ئابووریناسێکی سیاسی (بۆ رزگارکردنی ئابووریی قەیراناوی) یاخود سەرۆککۆمارێکی سەربازیی (بۆ گێڕانەوەی شکۆی ئێران)؟ دیارە کەمتر لە هەشت مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی نوێی ئەو وڵاتە (حوزەیرانی٢٠٢١)، و هەرلە ئێستاشەوە باسی هاتنی سەرۆککۆمارێکی سوپایی گەرم بووە. بەو پێیە، سوپای ئەو وڵاتە کە جیا لە ئەرکە سەربازییەکەی، دەستی باڵایشی لە ئابووریی وڵاتدا هەیە و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە خولگەی بەرژەوەندییەکانیدا دەسوڕێنەوە، دەیەوێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا پشکی هەبێت. ئێستا ئیدی راشکاوانە، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاندیدە گریمانەییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی خۆیان دەنوێنن و میدیا و نوخبەی نزیکیشیان، سەرۆککۆمارێکی سەربازی بە فریادڕەسی قۆناخ وەسف دەکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چی وایکردووە سەرۆککۆمارێکی سەربازی لە ئێران چاوەڕوانکراو بێت؟ شانس و رێگرییەکان چین و چ کاریگەرییەکی لە پرسی کورد دەبێت؟

**سەردەمی بایدن و چانسی سوپاییەکان**

دۆخی سیاسی ئێران لە پۆلێنی رەوتە سیاسییەکانیدا، پاش ناڕەزایەتییەکانی بزوتنەوەی سەوز(2009)، حاڵەتێکی دوو جەمسەری وەرگرتووە. ئەم پۆلێنە وەک کۆتایی نەوەدەکان، دنیای سیاسەتوانانی ئێرانی بۆ ریفۆرمیست و بناژۆخواز دابەشنەکردووە، کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە ئاستی دەرەوە تەبا بوون و وەک تەواوکار بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێرانیان لەگەڵ وڵاتاندا دەجووڵانەوە. بەڵکو ئێستادا سەرەڕای مانەوەی رەوتە باوەکانی پێشتر، دوو جەمسەرەکە سیاسەتکردنیان لەسەر بنەمای دانوستاندن یان هەڵشاخان بەڕووی ئەمریکادایە. بەرەی یەکەم سوپایی و بەسیج و زۆرینەی پەرلەمانی ئێستایە کە لەگەڵ سەرۆککۆمارێکی سوپایی و توندکردنەوەی سیاسەتی ئێرانن بەرامبەر رۆژئاوا. بەرەی دووەم خۆی لە ریفۆرمیستەکان، میانڕەوانی میراتگری رەفسەنجانی، بناژۆخوازە بەرژەوەندیگەراکان( وەک برایانی لاریجانی و موتەهەری و...تاد) دا دەبینێتەوە. ئەم دوو جەمسەرە سەرلەبەری حسابات و هەژموونی سیاسییان لە ئێستادا لەسەر دانوستاندن و دژەدانوستاندن لە نێوخۆ و دەرەوەدا رێکخستووەتەوە. بانگەشە و کاندیدانی پێشوەختەشیان هەر ئەم ئارگیومێنتەیان کردووەتە خاڵی یەکەم.

سەردەمی ترەمپ سەردەمی زاڵکەرەوەی قسەی بەرەی یەکەم بوو. چونکە تاران بەوە گەیشتبوو کە مامەڵەی ژێرکاریی و دانوستاندن لەگەڵ کۆشکی سپیدا لەسەردەمی ئەودا مەحاڵە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پرۆئێرانییەکان، لۆبییە ژێربەژێرەکانی[1] و وڵاتانی ئەورووپا نەیانتوانی وا لە واشنتۆن بکەن دەست لە فشار هەڵبگرێت[2]، بۆیە گرەوی ئێران لەسەر کەوتنی ترەمپ و هاتنەوە سەرکاری دیموکراتەکان بوو. [3]وا گرەوەکەی بە هاتنەسەرکاری بایدن، بە ئەنجام گەیشت، بەڵام ململانێی نێوان بەرەی دژەبەران وهەوادارانی رێککەوتنی ئەتۆمی(٥+١)، توندتر بووەتەوە.

نەیارانی دانوستاندنی ئێران و رۆژئاوا، کە باوەڕیان بە نمایشی توندەهێزی ئێرانە، بەشێکیان سەرکردەکانی سوپان. ئەوانەن کە کەم تا زۆر تا بۆیان لوا بێت، هەر لەسەردەمی جەنگی هەشت ساڵەوە تا هەڕەشەکردن لە سەرۆککۆمارەکانی وەك خاتەمی و رۆحانی سەرەنێزەی خۆیان لە سیاسەتی حکومەتی ئێران وەرداوە. سوپاییەکان دەیانەوێت وەک فریادڕەس خۆیان بنوێنن و بەبنبەستگەیشتنی هەوادارانی گفتوگۆ بقۆزنەوە. تا ئێستا زیاتر لە چەندین روخساری سوپایی ئەگەری خۆکاندیدکردنیان راگەیاندووە (حسێن دهقان،  سەعید محەمەد، رۆستەم قاسمی، حەسەن رەزایی، عەلی شەمخانی و محەمەد باقر قالیباف..تاد). هەڵبەت ئەزموونی خۆ کاندیدکردنی سەربازەکان درێژە و پێشتریش خۆیان تاقیکردووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە شانسی زیاتر کردووەن، چەن فاکتەرێکن.

دەکرێت لە چەند خاڵیکدا هۆکارەکانی خۆ بەپێویست زانینی سوپاییەکان و دروستکردنی "کابینەی جەنگ"، لە هەڵبژاردنی ئایندەدا، کورت بکرێنەوە:

ا. سیاسەتی نینۆککردنی ئێران، دەنگی ناڕەزایی نێو لایەنگرانی گوتاری رادیکاڵی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، بەرزکردووەتەوە و وەک مالیک شەریعەتی، پەرلەمانتاری سوپایی دەڵێت جەنگی ئابووریی دژەئێران زۆر پێچاوپێچترە لە جەنگی سەربازی. خوێن نارژرێت باوک ناکوژێت،

بەڵام غرووری باوکان دەکوژێت، بۆیە دەبێت کابینەی دادێ، "کابینەی جەنگ" بێت.[4] موختارپوور یەکێکی دیکە لە سوپاییە پەرلەمانتارەکان، باوەڕی وایە کە تاقە ڕێگەی ڕزگاری سەرۆککۆمارێکی سەربازییە.[5] ئەم بەرەیە لەو باوەڕەدان کە دۆخی وڵات سەرۆککۆمارێکی سەربازی دەخوازێت.

٢. هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، گوتاری سەربازییەکانی ئێرانی بەهێز کردووە. ئەوان پێیانوایە لەلایەک لەگەڵ سازشی ئێران لە ڕێککەوتنی ٥+١دا، سیاسەتەکانی ترمپ، کوشتنی سلێمانی و سنوردارکردنی ئێران لە عێراق و لوبنان و..تاد، تووندتربوونی سزاکان هەبووە. پەلامارەکانی ئیسرائیل لە سوریا بۆ سەر ئێران و پرۆکسییەکانی لێکەوتۆتەوە. بۆیە باوەڕێک هەیە کە سیاسەتی کۆترەکان شکستی هێناوە و نۆرەی هەڵۆکانە و جەخت دەکەن کە سیاسەتەکانی ترەمپ-یش بوارێکی بۆ گفتوگۆ نەهێشتەوە.[6]

٣. ئەگەر گرەوی هەوادارانی دانوستاندن ئەوە بووبێت کە بە گەڕانەوەی دیموکراتەکان، دۆخی ئابووریی ئێران باشتر دەبێت، ئەوا دیدگایەکی پێچەوانەش هەیە و بایدن-یش نەیشاردەوە کە سەردەمەکەی سەردەمی ئۆباما نابێت و ناتوانێت بگەڕێتەوە دواوە، ئاسانیش نییە بایدن سزا ئابوورییەکانی سەردەمی ترەمپ هەڵبگرێت[7]، گەر بتوانرێت ئەم ئارگیومێنتە لە ناو ژوورەکانی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە جێی بکرێتەوە و ڕێبەری ئێران بهێنتە قەناعەت، ئەوا چانسی سەربازییەکان زێدەتر دبێت.

4. شانسێکی دیکەی برەوی سەرۆککۆمارێکی سەربازی، دۆخی ناڕەزایی و بایکۆتی ڕای گشتی خەڵکە بەرامبەر هەڵبژاردنەکان لەلایەک و ئەو پاڵفتەکارییەی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورە کە ئەرکێکی ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنی کاندیدەکانی سەرۆککۆمارە. لەمڕووەوە تا ڕێژەی بایکۆت بەرزتر بێت چانسی سەربازییەکان زیاترە. ئەم ئەزموونە لە خولی یانزەیەمی پەرلەماندا تاقیکرایەوە. بەهۆی کەمی بەشداری خەڵکەوە، پەرلەمانێکی توندئاژۆ و پایەسەربازی هاتە سەرکار. ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارانی ئەم خولە لە کەسایەتیی سەربازی پێکدێن. لەنێو دەستەی سەرۆکایەتی ١٢ کەسیی پەرلەمانیشدا زۆرینەیان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە سەربازیین.[8] لانیکەم ٢٤ کەس لە فەرماندە کاریگەر و دیارەکانی سوپا و بەسیج کە هێشتا لە جل و پلە سەربازییەکانیشیان نەگەڕاون و پلەی ژەنراڵ و لیوایان لە سوپادا هەیە، ئێستا پەرلەمانتارن.[9]

**سەرۆککۆمارەکانی دیکە ناسەربازی بوون؟**

ڕێبەری پێشووی ئێران (خومەینی)، چەندینجار بەشداری سوپایی و دەستوەردانەکانی لە سیاسەتدا بە ناپەسەند داناوە، ئەو دەیگوت: فەرماندەکان داخڵی هیچ حزب و گروپێکی سیاسی نەبن، ئەگەر سوپای پاسدار یان هەر هێزێکی سەربازی لە حزبایەتیدا کار بکات "پێویستە فاتیحەی ئەو سوپایە بخوێنرێت...جایز نییە... ڕژێمەکە بەیەکدا دەکێشن... ئیسلام لاواز دەکەن..."[10]، هەروەها دەیگوت"هەڵبژاردنەکان کاری خۆیان دەکەن، چ پەیوەندییەکی بە سوپاوە هەیە... بۆ سوپا "دروست نییە"بچێتە ناو ئەم بابەتەوە[11].

دیارە ئەم ڕێنماییانەی ڕێبەر نەک کاری پێنەکرا، بەڵکو مەرەکەبەی لەسەر کاغەز مایەوە. زیاتر لەوەش جەنگی ٨ساڵە ئەمەی تۆخکردەوە و لوتکەی دەسەڵاتیشیان وەرگرت. لە خودی ڕێبەری ئێستاوە، ڕەفسەنجانی، ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی، لە دەزگای سەربازییەوە داخڵی نێو سیاسەت بوون و پۆستەکانیان وەرگرت.

بۆیە ئارگیومێنتی ئەوەی کە سەربازییەک سەرۆککۆمار بێت، زیاتر لە جۆری گوتاردا جیاوازە گەرنا پاساوەکانی سەربازیبوون بۆ سەرۆککۆماری پێشتر تاقیکراوەتەوە و شتێکی لە دۆخەکە نەگۆڕیووە. چونکە لە بنچینەدا سیاسەتی دەرەوە لەدەستی ڕێبەر و دەزگا ناهەڵبژێردراوەکاندایە، نەک حکومەت و وەزارەتی دەرەوە. گڵۆپی سەوزی هەر مامەڵەیەکی دەرەکی ئێران ڕێبەر هەڵیدەکات نەک سەرۆککۆمار، ئیتر چ ریفۆرمیست بێت یان بناژۆخواز. گەر لە شیرازەی سیاسیی ئێران و پێگەی سەرۆککۆماریش بڕواندرێت دیاردەبێ کە سیستەمێکی تێکەڵی سەرۆکایەتی، پارلەمانی و پابەندی مەزهەبیە[12]، لە چەندین جومگەشدا سیستەمێکی تاکڕەوی دینگەرایە و لوتکەی دەسەڵاتەکەی (ڕێبەر) بە پێی دەستووی ئێران دەسەڵاتی ڕەهای ناپابەندی لە هەمبەر پارلەمان و خەڵک و یاسادا هەیە.

**کورد و سەرۆککۆمارێکی سەربازی**

ڕەنگە سەربازیبوونی سەرۆککۆمار بۆ ئێرانێکی ئیسلامی کاریگەر بێت، بەڵام بۆ دۆسێی کورد وەک شوناس و ماف و دانپێدانان، پرسەکە لە گۆڕینی ڕوخسارێک لە مەدەنییەکەوە بۆ سەربازی گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نایەت.

لە سیاسەتی گشتی ئێراندا پرسی کورد لەسەر چەند ئاستێک پۆلێن کراوە، لانیکەم دوو ئاستی هەرە دیاریان: کوردی نێو ئێران و هەرێمی کوردستان.

پرسی کوردانی نێو ئێران، کە زیاتر وەک پرسێکی ئەمنی بە درێژایی ١٠٠ ساڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری

ئیسلامیدا، هەر جۆرە مافێکی کولتووری وەک ڕێگەدان بە زمانی کوردی لە پەروەردەدا، وەرگرتنی پۆستی باڵا و ...تاد، بە دەستوور بەڕەوا نەبینراوە، ئەم پرسەش بە هاتنە سەرکاری سەرۆککۆمارێکی سەربازیی چارە نابێت چونکە لە دەسەڵاتیدا نییە و زیاتر دەستووریی و لەدەستی چەند دەزگایەکی بڕیاردایە کە سەرووترن لە سەرۆککۆماریی.

لە ئێراندا چ ریفۆرمخواز و چ بناژۆخواز و چ سەربازییەکان، نیگایەکی جیاکارانەیان بۆ ماف و شوناسی کورد هەیە. بە هاتنە سەرکاری ریفۆرمیستان (وەک ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان بینرا)، پان ئێرانییەکان بەهێزبوون و یەکپارچەیی ئێران بیانوویان بووە بۆ نەدانی مافەکانی کورد. بە هاتنەسەرکاری توندئاژۆکانیش دیسانەوە بۆ کورد شوناسی مەزهەبی سوونەی کورد، زەقکراوەتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مافی کورد بە دژە دەستووری و جیاخوازیی هەژمار کراوە، تەنانەت نەک پۆست بەڵکو ڕێگەش نەدراوە فراکسیۆنێک و حزبێکی کوردیش دابمەزرێت. ئەمە جیا لەوەی چەندین سەرکردەی دیکەی جەماوەریی کوردیشی وەک قاسملۆ و شەرەفکەندی لە دەرەوەی ئێران تیرۆر کردووە. بۆیە دۆخەکە چاوەڕوانی هیچ کراوەوەیەکی لێناکرێت و فشاری سەر هێزە کوردییەکانی ئێران لەڕووی سەربازییەوە زیاتر دەبێت و مەودای دووڕوویی سیاسیی سیاسەتی تیۆریی و عەمەلی دەوڵەت روونتر دەبێت.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، بەهۆی جۆری پەیوەندی هەرێمی کوردستان(لە شۆڕشەوە تا کیان) و ئێران، بەر لە سیاسیی، سەربازی بووە و پەیوەندییەکی دێرینەی بڕیاردەرانی سوپای ئێران و سەرکردەکانی هەرێم بوونی هەیە، هاوپەیمانێتی دژە بەعس و پێکهێنانەوەی عێراق و پەراوێزخستنی سوونە و کوردی عێراق وەک واقیع و وەک بەشێکی ستراتیژی ئێران لە عێراقدا لەقەڵەم دراوە.

بەڵام پێناچێت ئیتر ئەو یادگارییە دێرینانە بەکەڵکی هەرێم بێن، چونکە ئامانجی هاتنەسەرکاری سەرۆککۆمارێکی سەربازی بۆ بەهێزکردنەوەی هەژموونی ناوچەیی ئێرانە بەتایبەت لە عێراق و کوردستان. بۆیە لە گۆڕانێکی وەهادا بۆ هەرێمی کوردستان جوڵە سەربازییەکان مەترسیدارە و دوور نییە لە دوو ئاستدا لەسەر هەرێم فشار درووست بکرێت: تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا سنووردار بکات، هەروەها چالاکی کوردانی ئێران کەمتر بکاتەوە. هێندە بەسە بۆ وەبیرهێنانەوە کە بڕیاری جوڵەی لایەنگرانەی ئێران لە ١٦ای ئۆکتۆبەری٢٠١٧دا زۆرێک لەو سوپاییانە بەشداربوون و بەشێکیشیان لە بڕیاردەرانی بوون. هەر فشاری ئەوانیش بوو کە هەڵوێستی رەسمی ئێرانی بەرامبەر ریفراندۆم توندتر کرد.

رایەک لە نێو بناژۆخوازان و سوپاییەکاندا هەیە کە هەرێمی کوردستان، بووەتە جێ هەژموونی ئیسرائیل و ئەمریکا و پێگەی دژەپێکردنی سەرمایەی ئێرانی بۆ کەنداو. ئەمەشیان نەشاردووەتەوە و لە چەندین بۆنەدا داوای هەڵوێستیان لە حکومەتی رۆحانی کردووە، تا سنوورێک بۆ ئەو کارە دابنێت.[13]بۆیە دواجار ئەو پرسە زەقدەبێتەوە کە ئەگەر سەرۆککۆمارێک بە پشتیوانی بناژۆخواز و سوپاییەکان بێتەسەرکار، ئەم فشارانە زیاتر نابن؟

[1] . هشام منور(2016): https://www.albayan.co.uk/mobile/MGZarticle2.aspx?ID=4896

[2] . هەردی مەهدی(٢٠٢٠): https://bit.ly/2JIOY2Y

[3] . مسعود زاهد(2020): https://bit.ly/3qDHsaw

[4] . خبر اونلاین: این ۵ چهره نظامی آماده کاندیداتوری در انتخابات ۱۴۰۰ / واکنش سیاسیون به ورود نظامیان به انتخابات ـ خبرآنلاین (khabaronline.ir)

[5] . شانس نامزدی کدام چهره نظامی در انتخابات 1400 بیشتر است؟

[6] . (https://per.euronews.com/2020/11/16/iran-nuclear-program-new-us-government-joe-biden )

[7] . هەمان: (https://per.euronews.com/2020/11/16/iran-nuclear-program-new-us-government-joe-biden )

[8] . https://bit.ly/3lYYvQy

[9] . https://www.radiofarda.com/a/Islamic-Consultative-Assembly-of-IRGC-Commanders/30648224.html

[10] . آیت الله خمینی: صحیفه امام، جلد 16، ص 110 و 111

[11] .هەمان: صحفیه امام، جلد 19، ص 12.

[12] . نظامهای سیاسی ایران؛ ساختار سیاسی پسا انقلاب ـ ایمنا (imna.ir)

[13] . بڕوانە: هەردی مەهدی میکە و ئەژی ئازاد: کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران http://jgu.garmian.edu.krd/article_108248.html?fbclid=IwAR3bsMuGsXG7waYINCagzPl2skKeKomhEMkUT-bm1QUAAHme6WX_tCypIxc